# هەرمسوڵمانێک چوار کەس شاهێدی بۆ بدەن لەسەر خێر وچاکە بوونی، خوای گەورە دەیکاتە بەهەشتەوە

لە ئەبی ئەسوەدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: هاتم بۆ مەدینە، و لەگەڵ عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێت- دانیشتم و جەنازەیەک بە لایاندا تێپەڕ بوو، وبە چاکە ستایشی کرا، عومەر ووتی: زامنکرا، پاشان جەنازەیەکی تر بە لایاندا تێپەڕ بوو، وبە چاکە ستایشی کرا، عومەر ووتی: زامنکرا، پاشان جەنازەی سێیەم بە لایاندا تێپەڕ بوو، وبە خراپە وەسفی کرا، عومەر ووتی: زامنکرا، ووتم: چی زامنکرا ئەی ئەمیری ئیمانداران؟ ووتی: ئەوەم ووت کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «هەرمسوڵمانێک چوار کەس شاهێدی بۆ بدەن لەسەر خێر وچاکە بوونی، خوای گەورە دەیکاتە بەهەشتەوە»، ووتمان: وسێ کەس؟ فەرمووی: «وسێ کەس»، ووتمان: ودوو کەس؟ فەرمووی: «ودوو کەس»، پاشان پرسیارمان لێی نەکرد سەبارەت بە یەک کەس.
[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

تەرمێک بە لای عومەری کوڕی خەتابدا تێپەڕ بوو -ڕەزای خوای لێبێت-، وکۆمەڵێک خەڵک لەگەڵیدا بوون، شاهێدی خێر وچاکەیان بۆ ئەو مردووە دا، عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: جێگیر وزامنکرا، پاشان جەنازەیەکی تر بە لایاندا تێپەڕ بوو، شاهێدی چاکە وخێریان بۆی دا هەروەکو تەرمی یەکەم، عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: جێگیر وزامنکرا، پاشان جەنازەی سێیەم بە لایاندا تێپەڕ بوو، شاهێدی شەڕ وخراپ بوونیان لەسەری دا، عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: جێگیر وزامنکرا، گێڕەرەوەی فەرموودەکە ئەم دەستەواژانەی ئیمامی عومەری لە لا ڕوون نەبوو؛ بۆیە ویستی مانایان ڕوون بکاتەوە، عومەریش -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: ئەوەم ووت کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: هەرمسوڵمانێک چوار کەس لە کەسانی خێرخواز وچاکەکار شاهێدی بۆ بدەن لەسەر خێر وچاکە بوونی؛ بەهەشت بۆی جێگیر دەبێت وخوای گەورە دەیکاتە بەهەشتەوە، هاوەڵان کاتێک ئەمەیان بیست ووتیان: ئەی سەبارەت بە کەسێک کە سێ کەس شاهێدی بۆ بدەن؟ فەرمووی: بەهەمان شێوە ئەگەر سێ کەسیش شاهێدی بۆ بدەن دەکرێتە بەهەشتەوە، هاوەڵان ووتیان: ئەی سەبارەت بە کەسێک کە دوو کەس شاهێدی بۆ بدەن؛ ئایا لە ئەهلی بەهەشت دەبێت؟ فەرمووی: وکەسێک ئەگەر دوو کەس شاهێدی بۆ بدەن؛ ئەوا چوونە بەهەشتی بۆ واجب دەبێت، وپرسیارمان لێی نەکرد سەبارەت بە کەسێک ئەگەر یەک کەس شاهێدی بۆ بدات؛ ئایا دەچێتە بەهەشتەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8870